

# بۆچی پردەکانی بەردەم ئافرەتانی سەرکەوتوو دەڕووخێنرێت؟

**زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ ئافرەتانی خاوەن پۆست و سەرکەوتوو لەبواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووبەرووی گرفت و قسەوقسەڵۆک دەبنەوە، بەڵام بۆچی لەوڵاتانی پێشکەوتوو کۆسپەکانی بەردەم ئافرەتانی سەرکەتوو کەمترە؟ بۆچی لە وڵاتانی دواکەوتوو بەردەوام پردەکانی بەردەم ئافرەتانی سەرکەوتوو دەڕووخێنن؟ ڕووخێنەرەکانی ئەو پردانە کێن و مەبەستیان چییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە دەبیسین.**

### لە کۆمەڵگەی نەریتی ئافرەتی سەرکەوتوو بوختانی بۆ دەکرێ

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان (سۆزان عارف)، ڕایوایە «کۆمەڵگەی کوردەواری وەك زۆر لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان کۆمەڵگەیەکی نەریتییەو هەر لەبەر ئەوەش ئەگەر ئافرەتێك بتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، زۆرجار ڕووبەڕووی بوختان پێکردن دەبێتەوە، چونکە لەم کۆمەڵگەیە زۆربەی دەسەڵاتەکان لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندایە، پیاوانیش هەمیشە دەیانەوێت ئافرەتان هیچ ڕۆڵێکی کارایان نەبێت و هەمیشە پاشکۆی ئەوان بن، لەبەر ئەوە شتێکی حەتمیە کە هەر ژنێك بتوانێت ئەو سنوورە ببەزێنێت کە ئەوان کێشاویانە، ئەوکات ڕووبەڕووی زۆر کێشەی دەکەنەوە، هەر نەبێت بوختانی بۆ دەکەن، ئەمە بێجگەلەوەی پیاوان هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بەهیچ شێوەیەك ئامادە نابن ئافرەت بێتە ناو مەیدانی کۆمەڵایەتی.

### بەدەگمەن ئافرەت لەبواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەبینین

سۆزان عارف جەختی لەوەش کردەوە کە «بەشێکی زۆری پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە ئافرەتێکیان دەوێت بەتەواوی پابەند بێت بەهەموو قسەکانی پیاو، واتە هەرگیز ئافرەتێکی سەربەستیان پێ قبووڵ ناکرێت، هەمیشە ئافرەت لەچوارچێوەیەکدا دەهێڵنەوە کە نەتوانێت دەست بخاتەناو کاروبارەکانی پیاوانەوە، پیاوان سنوورێکی دیاریکراویان بۆ ئافرەتان داناوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو سنوورە ببەزێنن.

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ژنان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی نموونەی بەوە هێناوە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئافرەتان لەناو بوارەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنیدا کار دەکەن و وتی «گەر زیاتر وردی بکەینەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە کۆمەڵگە بە شێوەیەك لەشێوەکان دژایەتی هەموو ئەو ئافرەتانە دەکات کە دەیانەوێت پێگەیەك بۆخۆیان دروستبکەن، هەرگیز کۆمەڵگەی ئێمە ڕێگە بە ئافرەت نادات بتوانێت

وەك ڕەگەزی بەرامبەری كاربكات .»،وتیشی «چەكی شەرەف یەكێكە لەو چەكانەی كەبەردەوام دژایەتی ئافرەتی ســەركەوتووی پێدەكرێت، هەمیشە ئافرەتە سەركەوتووەكان ڕووبەڕووی بوختان و كێشەی نابەجێ دەبنەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە ئافرەت ئەركێكی زۆر قورســی لەسەر شــانە، ئەویش ئەوەیە كە وەك دایكێك دەبێت سەرپەرشتی ماڵ بكات، كاری دەرەوەشی لەسەر شانە .

**لەوڵاتانی پێشكەوتووش یەكسانی ڕەگەزی لەئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەستەبەر نەبووە**

ئەڤین هروری ئەندامی ســەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردســتان، ســەبارەت بە هەمان پرســی ئەم ڕاپۆرتە، هێما بۆ ئەوە دەكات كە هەر دیاردەیەكی نوێ كە لە كۆمەڵگەدا كە دەردەكەوێت، بە ئاسانی قبووڵ ناكرێت، دواتر ئاماژە بەوە دەكات كە پرســی ئافرەت و پیاو لە ئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتدا هێشــتا لە وڵاتە پێگەیشتووەكانیش نەگەیشتووەتە یەكسانییەكی تەواو، واتە كاری بۆ دەكرێت، سەبارەت بە كۆسپی بەردەم ئافرەتی سەركەوتووی خاوەن پلەو پایەش لە كوردستان گوتی «شتێكی حەتمییە كۆمەڵگەی ئێمە بەئاســانی قبووڵی ناكات، بگرە ڕەفزیشی دەكاتەوە، زۆر كەسیش دژایەتی ئەم هەنگاوە نوێیە دەكەن، كە ئافرەتێك هاوشــانی پیاو لە بەرزترین ئاستی سیاســی و ئابووریدا دەر بكەوێ، واتە وەك دەبینین دەركەوتنی ئافرەتیش لەبوارە جیاجیاكاندا بەشێوەیەكی فیعلــی بەتایبەتی لەپۆســتەباڵاكاندا بەرامبەر بەپیــاوان تارادەیەك دیاردەیەكی نوێیە، لەبەر ئەوە بەشــێكی زۆری كۆمەڵگە دژایەتی ئەو ئافرەتانە دەكەن، چونكە كۆمەڵگەی ئێمە كۆمەڵگەیەكی پیاوسالارییەو هەمیشە وەهایان دیوە پیاوان كۆمەڵگە بەڕێوەبەرن.

**٣٠٪ی بەشدارانی پرۆسەی سیاسی لەكوردستان ئافرەتن**

ئەڤین هروری لە درێژەی ئاخافتنەكەیدا بۆ گوڵان، جەختی لەوە كردەوە كە پێویستە ئافرەتانی سەركەوتوو گۆڕەپانەكە چۆڵ نەكەن و هەوڵبدەن بەرەنگاری بۆچوونە نارەوایانە بكەن كە پێش بە ســەركەوتنی زیاتریان دەگرێت، بە پێویستیشی زانی ئافرەتان خۆیان بەرەوەپێش ببەن و بتوانن لەو ڕێگەیەوە بــرەو بەتواناكانی خۆیان بدەن، بەكار و ڕەفتار و توانای خۆیان بیســەلمێنن كەئافرەتیش وەك پیاو دەتوانێت سەركردایەتی بكات و لەكارەكانیشی سەركەوتوو بێت . هروری گوتیشی «ڕەنگە دژایەتی كردنیش بەشــێوەیەكی بەردەوام هەبێت، بەڵام سەردەمیش گۆڕانكاری بەســەردێت و كۆمەڵگــەش بە هەوڵی زیاتــر دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە تەنانەت بەر لە (٢٠٠٣) ئەگەر بتوتایە ئافرەت دەتوانێت سەركردایەتی حزبێك بكات، یان لەپۆســتێكی باڵای وەربگرتایە بەلایانەوە سەیربوو، بەڵام ئێســتا بەشێوەیەكی بەرچاو ئەو ڕایە گۆڕدراوە، ڕێژەی ئافرەتانی بەشداربوو لەنێو پرۆســەی سیاسی لەكوردستان لەسەدا سییە، تەنانەت لەنێو بڕگەی كۆنگرەی پارتی بڕیارمانداوە زۆر زیاتر بێت بەمەش وەها دەبێت كە كۆمەڵگە گۆڕانی بەسەر دێت .

**كەسانی نەفس نزم دژایەتی ئافرەتی سەركەوتوو دەكەن**

هاژە ســلێمان ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، هۆكاری دژایەتیكردنی ئافرەتانی ســەركەوتوو لەلایەن كۆمەڵگــەوە دەگێڕێتەوە بۆ «نەریتی كۆمەڵگەیەكی پیاوسالار كە ئافرەت بەكەمی لەپلەو پۆستەكاندا بووە، بێگومان هەر شــتێكی نوێ لەسەرەتادا ڕووبەڕووی زۆر گرفتی نامۆ دەبیتەوە، بەتایبەتی لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە، دەركەوتنی ئافرەتیش لە ئاســتی بەرز و پلەی باڵا، ڕووبەڕووی زۆر گرفتی دەكاتەوە، چونكە كۆمەڵگە قبووڵی ناكات، ئافرەتێك پلەو پۆســتێكی باڵای هەبێت». گوتیشی «یەكێك لەو وەسیلانەش كە بەكاری دەهێنن بۆ دژایەتیكردنی ئافرەتی سیاســەتمەدار، یان هەر ئافرەتێك كە ســەركەوتنی لەبوارێك لەبوارەكان بەدەســتهێنابێت، بوختان بۆ كردنەوەو دواتر بەهەموو شێوەیەك قسەی بۆ هەڵدەبەستن بۆ ئەوەی مەیدانەكەی پێ چۆڵ بكەن».

ئەو پەرلەمانتارە پێشــنیاری ئەوەشی كرد كە ئافرەتانی سەركەوتوو یان هەموو ئەو ئافرەتانەی لە بوارێك توانیویانە بە هەوڵی خۆیان و كارێكی ئەرێنی خزمەتی كۆمەڵگە بكەن، گوێ بە بوختانپێكردنەكان نەدەن و «ئەو دیاردەیە قێزەون و ناشیرینە كە شتێكی زۆر نادروستە» هەراســانیان نەكات و نەبێتە هۆی ئــەوەی ئیرادەیان لاواز بكات، گوتیشــی «بێگومان ئەو كەســانەی كە دژیاتی ژنی سەركەوتوو دەكەن، كەسانی نەفس نزمن، كەسانێكن كە هیچ ویژدانێكیان نییەو ناتوانــن وەك پێویســت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، من خــۆم وەك ئەندام پەرلەمانێكی ژن و كەسێك كە لە زۆر بواری جیاوازدا كارم كردووە، هەرگیز گوێم بە بوختان و قسەو قسەڵۆك نەداوە .

**نەریتی كۆمەڵایەتی زیاتر بە سەر ئافرەتاندا سەپێندراوە**

لەلای خۆیەوە نەرمین عوســمان ئەندامی ســەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، هێمای بۆ ئەوە دەكات كە نەریتی كۆمەڵایەتی زیاتر بە سەر ئافرەتاندا فەرزكراوە و گوتی «ئەوەتا دەبینن كۆمەڵێك شــت بەسەر ژندا سەپێنراوە كە دەبێت جێبەجێی بكات، لەوانە دەبێت پەیوەســت بێت بەقسەی مێردەكەی و نابێت بچێتە دەرەوەو بەشداری چالاكی مەدەنی و سیاســی نەكات، نابێت چالاكی كۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت، چونكە كۆمەڵگەكە پیاوســالارییەو ئەم شتانەی بەســەر ژندا فەرزكردووە، كۆمەڵگەیەكی زۆر توندمان هەیە، هەر ژنێك بیەوێت خۆی لەم شــتانە دەرباز بــكات و بیەوێت ڕۆڵێكی بەهێز لە كۆمەڵگەدا بگێڕێت، ئەوكات دەكەوێتە بەر تەشــهیركردن و ســووكایەتی پێكردنــی پیاوان كــە قســەی جۆراوجۆری بۆ هەڵدەبەســتن»، گوتیشــی «بەداخەوە هەندێك لە ژنانیش خۆیان چوونەتە ژێر باری ئەو یاســا كۆمەڵایەتییەو زۆرجار شانبەشــانی پیاوەكان قسە بۆ ئەو ژنانە دروست دەكەن كە توانیویانە ئەو سنوورە ببەزێن، ئەم شــتانەش هەمووی بۆ ئــەوە دەگەڕێتە ئەگەر ژنێك كەسایەتی بەهێزبێت و ئەو هێڵەسوورە ببڕێت كە پیاوان دەستنیشانیان كردووە، ئەوكات ڕووبەڕووی قسەبۆهەڵبەستن دەبێتەوەو تووشی زۆر كێشەی دەكەن».

**شەڕێكی بەردەوام لەنێوان ئافرەتی ئازادیخواز و پیاوی كۆنەپەرستدا هەیە**

نەرمین عوسمان لە درێژەی قسەكانیدا بۆ گوڵان، جەختی لەوە كردەوە كە گۆڕینی كۆمەڵگە زۆر ئاســان نییــە، چونكە «گۆڕانكاری كۆمەڵگە شــەڕێكی زۆری فكری دەوێت، كە كۆمەڵێك ئافرەتیش دەبنە قوربانی كە دەیانەوێت ئەو ســنوورە ببەزێن، بەڵام ئایا دەبێت ژن بەقســەی كۆمەڵگە بكات وبەس بۆ ئەوەی قسەی بۆ دروست نەبێت؟ ئایا دەبێت بەهەموو شتێك رازی بێت؟ واتا كۆمەڵگە ئەوەندە هێڵی كێشاوە نابێت ژن بیبڕێت؟».

ئەوەی بەلای نەرمین عوســمانەوە گرنگ بــوو ئەوەیە كە ئافرەت ئەو ســنوورە ببەزێنێت و گوێنەداتە هیچ بوختان و قسەو باسێك كە لەمپەر لە بەردەم سەركەوتنەكانی دروست دەكات. گوتیشی «ئێمە دەمانەوێــت دەوڵەتێكی مەدەنی بۆ كورد دروســت بكەین و داوای گەشــەكردنی كۆمەڵایەتی دەكەین، گەشــەكردنی كۆمەڵایەتیش تەنیا بەپیاو ناكرێت و بەهەردوو ڕەگەز دەكرێت،

ژنیش پێویســتە گوێ نەداتە ئەوەی كە تووشی بوختان و تەعلیق دەبێــت، بەڵكوو دەبێت هەوڵی خۆی بــدات و بەردەوام خۆی بەرەوە پێش ببات، چونكە شــەڕێك لەنێوان ژنانــی ئازادیخواز و پیاوانی كۆنەپەرست هەیە و ئەم شەڕە بەردەوامیش دەبێت، بەڵام دەبێت ژنان خۆڕاگر بن و بە كارامەیی خۆیان بتوانن قەناعەت بەپیاو بكەن كە مافی سروشتی خۆیانە كار بكەن و لە ئاستی بەڕێوەبردنی وڵاتیش پۆست و پلەی باڵایان هەبێت».

ئەڤین هروری:
**پێویستە ئافرەتانی سەركەوتوو گۆڕەپانەكە چۆڵ نەكەن و بۆ سەلماندنی خۆیان هەوڵی زیاتر بدەن**

سۆزان عارف:
**چەكی شەرەف یەكێكە لەو چەكانەی كە بەردەوام دژایەتی ئافرەتی سەركەوتووی پێدەكرێت**



# قەیرانی خۆکوشتن سنووری حـــ

**خۆکوشتن گەرچی لە هەندێك وڵاتدا وەکوو حاڵەت ڕوو دەدات، بەڵام لە زۆر وڵاتیش سنووری حاڵەتی بەزاندووەو بۆتە دیاردە، ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستانیش زیادبوونی حاڵەتەکانی**

چالاکوانێک:
**سەرەکیترین هۆکارەکانی خۆکوشتن بۆ دابونەریت و کەلتوور و بیری خێڵەکی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە**

### دابونەریتی خێڵەکی و نائومێدی هۆکاری سەرەکین

نەجیبە مەحموود وەك چالاکوانێکی بواری مافی مرۆڤ، دابونەریت و نائۆمێدی بە هۆکاری سەرەکی خۆکوشتنەکان دەزانێت، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو هاندەرانەی دەبنە هۆکار بۆ خۆکوشتن زۆرن، وەك باسیکرد، خۆکوشتن کردەیەکە کە بناغەکەی لەسەر چەند بیروڕایەك دادەڕێژرێت، کە ئەویش بێ هیوا بوونە لەو ژیانەی کە تێیدا دەژی، واتە کاتێك هیچ تروسکاییەك بۆ ژیان لە ئایندەدا نابینێتەوە، پەنا بۆ خوکوشتن و کۆتایی هێنان بەژیانی خۆی دەبات و مۆمی تەمەنی دەکوژێنێتەوە. گوتیشی «ئەگەر ئێمە بە وردی لەبابەتەکە بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرەکیترین هۆکارەکانی خۆکوشتن بۆ دابونەریت و کەلتوور و بیری خێڵەکی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە»، نموونەشی بەوە هێناوە کەهەندێکجار گەنجان بە هۆی نەریتی خێڵەکی و ڕێگری لە بەردەم هاوسەرگیرییان پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە، یان گەنجێك لە ترسی ئەوەی بە دەستی کەسوکاری نەکوژرێ، خۆی کوشتووەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

### هاندەرانی خۆکوشتن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پاڵ بەخۆکوژەوە دەنێن

هانا عوسمان توێژەری کۆمەڵایەتییەو سەبارەت بە هەمان پرس کۆمەڵێك خاڵی گرنگی دەخاتەڕوو، بەرلە هەموو شتێکیش ئاماژە بەوە دەکات کە کەسانێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاندەری ڕوودانی خۆکوشتنن، واتە بە شێوەیەك لەشێوەکان دەبنە هۆی ڕوودانی خۆکوشتنەکە، گوتیشی «هەرکەسێك کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات کۆمەڵێك هۆکار و فشاری بەدواوەیە، بێگومان کۆمەڵگەش لایەنێکی سەرەکی فشارەکانە، واتە تاك هەیە هانی کەسێك دەدات بۆخۆکوشتن، یان دەبێتە هۆی خۆکوشتنی کەسێك، کە ئەوە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی کارێکی ناڕەواو گوناهێکی گەورەیە». سەبارەت بە مەترسییەکانی خۆکوشتن و کاریگەری زیادبوونی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان ئەو کۆمەڵناسە وتی «هەرتاکێك لەتاکەکان وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەرشانەو لەدەستدانی دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگە، بەجۆرێك کۆمەڵگە لەچەندین لایەنەوە زیانی پێدەگات، واتە ئەگەر مامۆستایەك خۆی بکوژێت، یان کرێکارێك، یان بەڕێوبەرێك، یان هەرتاکێکی ئاسایی خۆی بکوژێت، ئەوا لەڕووی مرۆییە زیانێك بەرکۆمەڵگە دەکەوێت، واتە کۆمەڵگە کەسێکی زیندوو لەدەست دەدات کە ئەگەری زۆری هەیە ئەو کەسە بەرهەمی چاك پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، بێجگەلەوەی لەڕووی ئابووریشەوە زیان لە کۆمەڵگە دەدات، چونکە کۆمەڵگە کەسێکی بەرهەمهێنی لەدەست چووە، واتا خۆکوشتن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانا مرۆییەکانە چونکە بەڕۆیشتنی هەرتاکێك کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵگە و خێزان و زۆرجار بەهۆی لەدەستدانی کەسێکەوە چەندین منداڵ بێ باوك و دایك دەبن و ئەرکێکی زیاتر دەکەوێتە سەرشانی حکومەت».

هانا جەختی لەوەش کردەوە کە ئەگەر ئەو کەسەی وا پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، گەر دایك یان باوك بێت، ئەوە کارەساتەکە و کاردانەوەی قورستر و گرانتر دەبێت، بەوەی کە «بەخێوکردنی منداڵیان بە کەسی دیکە دەسپێردرێ کە هەرگیز ناتوانێت شوێنی دایك یان باوکیان پڕبکاتەوە.



# ـــــاڵەت بەرەو دیاردە دەبەزێنێ

**خۆکوشـــتن لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە زەنگی ئەو مەترسییە لێدەدەن کە پێویستە وەک دیـــاردە مامەڵەی لەگـــەڵ بکرێ و بەپەلە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی بخەنە واری جێبەجێکردنەوە.**

### له سیستمی باوکسالاری زیاتر ڕەگەزی مێینە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات

هودا خەلیـــل وەك ڕاهێنەرێکی دەروونی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن بە «زەنگێکی مەترسیدار» ناو دەبات و دەڵێت «بەداخەوە خۆکوشـــتن خەریکە بەئەندازەیەك حاڵەتەکانی زیاد دەبێت، کە دەبێت ناوی بنێین دیاردە، ئەم دیاردەش زیاتر لە نێوان ڕەگەزی مێینـــە ڕەنگی داوەتەوە، واتە بە هۆی زەبروزەنگی سیســـتمی باوکسالاری زیاتر ڕەگەزی مێینە بەناچاری پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، بەگشتی ئەوەی تێبینی دەکەین، پەیوەندی بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئاســـتی ڕۆشنبیری و ئەو یاسا قەتیسبووانەی کۆمەڵگـــەوە هەیە کە بە درێژای مێژووی کۆمەڵایەتی بۆمان ماوەتـــەوە و ناتوانین لێی دەربازبین، یاخود زۆرجار دەستیشـــی بۆ ببەین، خۆکوشـــتن ئەگەرچی دیاردەیەکی نەویستە، بەڵام زۆرکات ئەوەی مەبەســـتە لە ئەنجامدانـــی تەقینەوەی ناخی مرۆڤە لەهەمبەر ئەو ناهەقی و ناعەدالەتییەی کە بەرامبەری دەکرێت». ئەو دەروونناسە هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئەوەی بیر لەخۆکوشـــتن دەکاتەوە و هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێ، بەبۆچوونی خۆی گشـــت ڕێگەکەنی چارەسەرکردنی بەبێ ئەنجام لەقەڵەم دەدات، یان خۆکوشتنەکەی بە باشترین تۆڵە و چارەسەر هەژمار دەکات، ئەگەرچی لەدواجار ئـــەم هەنگاوە هەنگاوێکی هەڵەو ناڕەوایە کە جگە لە لاوازی مرۆڤ هیچی دیکەی لێ بەدی ناکرێت». هودا ئەوەشـــی خستەڕوو کەلایەنی دەروونی کەسی خۆکوژ کۆمەڵێك ڕەهەندی هەیە، «بەتایبەتی لە کاتێك کە ئەو کەسە تووشی کێشەیەك، یان گیروگرفتێك دەبێت، بەشێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ خۆی هەوڵدەدات بڕیاری چارەسەرکردنی بدات، بەڵام ئەگەر لە چارەســـەرکردنی کێشەکەدا هەرەسی هێنا، بۆ هەڵهاتن لە واقیعی کێشەکە بڕیاری خۆکوشتن دەدات، کەسی خۆکـــوژ بیر لەوە ناکاتەوە کە دوای خۆی چەندە کێشـــە بۆ کەسوکاری وکەسانی دەوروپشتی بەجێدەهێڵێت و چەندە گرفت و قەیران ڕووبەڕووی ئەو کەســـەکانی دوای خۆی دەکاتەوە. واتە کاتێك کەســـێك پەیوەندی کۆمەڵایەتـــی لاوازبوو، ئەو، کەسێك دەبێت توانای چارەسەرکردنی کێشەو گیرگرفتەکانی نابێت و ناتوانێت بەرەنگای هەموو قەیرانەکانی ژیان ببێتەوە، لەبەر ئەوە تێکەڵاوبوونی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگەدا مرۆڤ لەکێشەو گیرگرفتەکان دوور دەخاتەوە».

### زۆرجار ئافرەت دەکوژرێت و کەسووکاری دەیکەن بە خۆکوشتن

هودا خەلیل لە درێژەی قســـەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زۆرجار ئافـــرەت دەکوژرێت، بەڵام کەســـووکاری دەیکەن بەخۆکوشـــتن، گوتیشی «ئەو ئافرەتانەی کە دەکوژرێن زیاتر ئەو ئافرەتانەن کە دەیانەوێت مومارەســـەری حەزەکانی خۆیان بکـــەن لەژیاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی کەلتووری پیاوسالارییەوەو خاوەنی دابونەریتی خێڵە، قبووڵی ئەو تەمەتوعەناکەن کە ئافـــرەت هەیبێت، بۆیە لەکاتی وادا ڕووبەڕووی کوشتن و توندوتیژی دەبێتەوە».

پزیشـــکانی دەروونناسیش ڕاوســـەرنجی خۆیان هەیە، ئەوان زۆربەی خۆکوشتنەکان بۆ باری دەروونی مرۆڤ دەگێڕنەوە، هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە تاك ئەگەر کێشەی دەروونی نەبێت، ئەوا پەنا بۆ خۆکوشتن نابات.

د. سۆنیا عەلی پزیشکی دەروونناسە و دەڵێت «زۆرجار کێشە لە دەماغدا هەیە و تاك هەست بە مەترسییەکانی ناکات، یان دەبینین هەندێکجار دەستکاری کارەباو ئاگر و شتی مەترسیدار دەکات، بەگشتی ئەو کەســـانەی کەکێشەی دەماغیان هەیە زووتر ڕوو دەکەنە خۆکوشتن، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆرجار گرفتی ئابووری کاریگەری لەسەر تێکدانی باری دەروونی و زیادبوونی خۆکوشتن دەبێت».

کۆمەڵناسێک:

**خۆکوشتن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانا مرۆییەکان و بەهۆیەوە ژیانی تاک و خێزان کۆمەڵگەش تێکدەچێت**

# پێوەرەکانی بەختەوەری و هۆکارەکانی تێکچوونی خێزان

هەمیشە پەروەردەی نادروستی ناوخێزان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر کەسایەتی و داهاتووی تاکەکانی ناو ئەو خێزانە دەبێت، تێکچوونی شیرازەی خێزانیش پەرتەوازەبوونی منداڵ و دەیان گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، زۆرن ئەو کەسانەش کە قوربانی دەستی لێکترازانی دایك و باوکن و لە تەمەنێکی زوودا ئەنجامدانی تاوانێك راپێچی زیندانیان دەکات.



**بەسەرهاتێکی پڕ لە پەشیمانی**

ئەگەر سەردانێکی ناوەندەکانی چاکسازی بکەیت، ڕەگەز و تەمەنی جیا، تۆمەت و تاوانی جیاوازیش دەبینیت، لە ناو چاکسازی ئافرەتانیش جۆری تاوانەکان و تەمەنی گیراوانیش جیاوازە، ئەوەتا شەونمی تەمەن ١٦ ساڵ کە ماوەی چوار مانگە زیندانی کراوە، بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە بەمجۆرە باسی ژیانی رابردووی خۆی دەکات:

«دوای لە دایکبوونم ڕاستەوخۆ دایك و باوکم جیابوونەوە، باوکم ژنی هێناوەتەوەو چوار منداڵی لەو ژنە هەیە، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی باوکم بۆ خزمەتکردنی باوەژنم و منداڵەکانی منی لە خوێندن دەرهێنا، پار پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ کوڕە خزمێکم بەست، کە باوکم بەوەی زانی، دارکاری کردم و لە ماڵەوە بەندی کردم، منیش رامکرد و چووم بۆ لای دایکم، کە ئەویش شووی کردۆتەوە و ئێستا لە شارەدێیەکی سەرسنوور ژیان بەسەر دەبات و کارگوزاری نەخۆشخانەیەکە، دوای ئەوەی حەوت مانگ لەوێ بووم، لەڕێگەی خاڵم کوڕێك هاتە داوام و منیش شووم پێکرد، ئەو کوڕە زۆری خۆشدەویستم، ماڵی جیای بۆ دانام و ئێواران دەیخوێند و بەیانیانیش کرێکاریی دەکرد، چەند مانگێك دوای هاوسەرگیری، خەسووم لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر نەشتەرگەری بۆ کرا، منیش لای ئەو مامەوە، شەو هاوسەرەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم، منیش لەگەڵ کەسێکی دیکە سەبارەت بە تەندروستیی خەسووەکەم قسەم دەکرد، بەڵام ئەو دڵی پیس کرد و باوەڕی بە من نەکرد، زۆریشی قسە پێگوتم، منیش ترسام و تەلەفۆنم بۆ ئەو کوڕە خزمەمان کرد کە کاتی خۆی خۆشمدەویست، ئەویش گوتی: وەرە دەتبەم بۆ سەنتەری سلێمانی و دواتر دەتخوازم، ئەوە بوو بە تاکسییەك هاتە بەردەرگای نەخۆشخانە و منی لەگەڵ خۆی برد، لە بازگەی تاسلوجە پۆلیس ئێمەیان دەستگیر کردو منیشیان بۆ ئێرە هێنا، مێردەکەشم شکاتی لێکردووم و بە تۆمەتی خیانەتی هاوسەری، بڕیاریشیداوە تەڵاقم بدات، بەڵام داوای پارە لە باوکم و لەو کوڕە دەکات کە لەگەڵم بووە، باوکیشم گوتوویەتی کچێك دووجار لە ماڵ رابکات کچی من نییە، ئێستاش کەس سەردانم ناکات و نازانم چارەنووسم بە کوێ دەگات».

خیانەتی پیاوان دەشاردرێتەوە

خیانەت لە ژیانی هاوسەریدا بەردەوام شیرازەی خێزانی تێکداوە، گەرچی لە کۆمەڵگەی داخراودا زۆرجار خیانەتی پیاوان دەشاردرێتەوەو خیانەتی ئافرەتان بەرجەستە دەبێت، بەڵام یاسا ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی خیانەت دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەروونناسان هێما بە هۆکاری جیاواز لەڕوودانی خیانەتی هاوسەری دەکەن.

د. ئومێد قادر تەها پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان، گوتی:کەسایەتی و کێشەی سەردەمی منداڵی بەرپرسە لە ڕوودانی هەر خیانەتێکی هاوسەری». ئەو دەروونناسە رایوایە پەروەردەیەکی تەندروستی خێزانی و ئازادی لە هاوسەرگیری و تەمەنی گونجاوی هاوسەرگیری ڕێگر دەبن لە خیانەتی هاوسەری.

**هاوسەرگیریی زۆرەملێ زۆرجار خیانەتی لێدەکەوێتەوە**

د. ئومێد سەبارەت بەو ئافرەتانەش کە لە ناوەندەکانی چاکسازی بە تۆمەتی خیانەتی هاوسەری گیراون. گوتی :ئەو ئافرەتانە تووشی خەمۆکی و دڵتەنگییەکی زۆر دەبن، لە خێزان و هاوسەر و منداڵیان دادەبڕێن، بەردەوام هەست بە پەشیمانی دەکەن، بەڵام بە هۆی عورفی کۆمەڵایەتی جارێکی دیکە لە خێزاندا جێگەیان نابێتەوە، ئەوەش باری دەروونییان زیاتر تێك دەدات». گوتیشی «ریز نەگرتنی ژن و مێرد لە یەکتری، بە زۆر بە شوودانی کچان، گەورە بە گچکەو ژن بە ژنە و چەند فاکتەرێکی نەرێنی دیکە وادەکەن، کە ئافرەت بە دوای بەدیلێکدا بگەڕێت، کە تێشکەوت، ناتوانێ چارەسەری ئەو وەزعە بکات، کە ئاشکراش دەبێت، لە ناو کۆمەڵگە پەراوێز دەخرێ، تەنانەت کەسە نزیکەکانیشی پشتی تێدەکەن و قبووڵی ناکەن، هەندێ جار دەگاتە ئاستی هەڕەشە و تەهدیدکردن و تەنانەت کوشتنیشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەمیشە ئەو کەسانە هەست بە زەختێکی کۆمەڵایەتی و رۆحی و نەستی دەکەن، زۆربەی ئەو ئافرەتانەش لەکاتی هاوسەرگیریدا بڕیارەکەیان یان بە ئیرادەی خۆیان نەبووە، یان لەجێی خۆیدا نەبووە.

**منداڵ گەورەترین باجی لێکترازانی خێزانی دەدەات**

ئەحمەد عارف نووسەر و شارەزا لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «دیارە هەمیشە لە کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی دیکە کێشەی ژن و مێردایەتی دواتر جیابوونەوەی هاوسەران باجەکەی منداڵ دەیدات، کە هیچ دەستێکی لەو کێشەیەدا نییە، من پێموایە دایك و باوکی راستەقینە هەمیشە قوربانی بە حەز و ئارەزوو و خۆشییەکانیان دەدەن لە پێناو منداڵەکانیاندا، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمەدا دایك و باوکی لەم چەشنە زۆر دەگمەنن».

ئەحمەد عارف سەبارەت بە شەونم کە لە چاکسازی ئافرەتاندا بە تۆمەتی خیانەتی هاوسەری دەستبەسەرەو بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان گێڕاوەتەوە، گوتی:شەونم مێژوویەکی لە نەهامەتی کۆکردۆتەوە کە ئەو خاوەنی نییە، بەڵکو وەك ئەکتەرێك رۆژگار پێی نمایش کردووە، من هەستدەکەم شەونم بە سەرپێی و بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ گرفتەکەیدا کردووە، دەکرێ ئەگەر سەنتەرەکانی تایبەت بە ئافرەتان لە خەمی کێشەیەکی لەمجۆرەدابن، بەدەر لە گەڕانەوە بۆ خانەوادەی یەکەم و دواتر دووەم و سێیەم گرفتە ماددییەکان لە ئەستۆی خۆیان بگرن و هەوڵبدەن لەڕێگەی پارێزەر و دەروونناس و کۆمەڵناسەکانیانەوە، ئەو خانمە لە نوێوە پەروەردە بکەنەوە، تاوەکو ببێتە ئەندامێکی کارای ناو کۆمەڵگە.

**پێویستە هاوسەران پێش دڵنیا بوون لە یەکتری منداڵ نەخەنەوە**

هێمن ساڵح رۆژنامەنوس و توێژەری کۆمەڵایەتی، سەبارەت بەو ئافرەتانەی کە هێشتا تەمەنی یاساییان تەواو نەکردووە و نموونەی شەونم دەبنە قوربانی و سەر لە ناوەندەکانی چاکسازی دەردەهێنن، بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی «هەڵەکە لێرەدایە کە یەکەم شت لە کوردستان ئافرەت لای مەلا مارە دەکرێت، واتە تەمەنی لە ژێر تەمەنی یاساییش بێت، هەر مارەی دەکەن، بۆیە منداڵیش بێت بە ژن حیسابە، ئەوەی لە شەونم دەبینرێ، ئەو ئافرەتە لەلایەك بێتاوانە کە لەو پڕۆسە هەڵەیەدا گەورەبووە، لەلایەکی دیکە خۆی تاوانبارە کە خیانەتی لە هاوسەرەکەی کردووە، لەو کێشەیەدا دەبوو قەناعەت بە هاوسەرەکەی بهێنێت کە ئەو پاکەو خیانەتی نەکردووە، بەڵام کە لەگەڵ ئەو کوڕە ڕۆیشتووە، سەلماندوویەتی کە ئەو پێشووتر لەگەڵ کەسێکی دیکەدا پەیوەندی هەبووەو تا ئەو ئاستەش ئامادەبووە لەگەڵی بڕوات، لەبەرئەوە راستە ئەو ئافرەتە لە پەروەردەیەکی هەڵەدا گەورەبووە، بەڵام ئەوەی لەو دۆسێیەدا دەبینرێت، ئەو خۆیشی تاوانبارەو بەهەمان شێوە هەڵەکانی پێشووی باوك و دایکی دووبارە کردووەتەوە کە دەکرا ئەو سوود و ئەزموونی لەو هەڵانە وەربگرتایە، ئەگەر بێتو ئەویش کچێك، یان کوڕێکی هەبوایە، ئەوە ئەو منداڵانەش دەبوونە قوربانیی پرۆسەیەکی هەڵەو بەهەمان شێوە رەنگ بوو لە داهاتوودا کەسایەتییەکی باشیان نەبوایە، لەبەرئەوە زۆر گرنگە خێزان و پرۆسەی هاوسەرایەتی لەسەر بنەمایەکی پتەو بونیاد بنرێت و دواتریش بۆ ماوەیەك منداڵ نەخرێتەوە، تاوەکو ژن و پیاوەکە لەوە دڵنیادەبن کە ئەوان دەتوانن منداڵەکانیان بەهەردوولا گەورە بکەن، دوای گەورەبوونی منداڵیش، ئەگەر جیابوونەوەو تەڵاقیش هەبێت، کاریگەرییە خراپەکانی بەو شێوەیە نابێت کە کەسانێك وێران بکات».

پەروەردەی تەندروست، تەمەنی گونجاو و ئازادیی هاوسەرگیری بناغەیەکی قایم بۆ ژیانێکی هاوبەش دادەنێن

زۆربەی ئافرەتانی گیراویش مێژوویەکیان لە نەهامەتی کۆکردۆتەوە کە ئەوان خاوەنی نین، بەڵکو وەک ئەکتەرێک، رۆژگار پێی نمایش کردوون

کەسایەتی و کێشەی سەردەمی منداڵی بەرپرسە لە ڕوودانی هەر خیانەتێکی هاوسەری